# شۆرشەکانمان و کاریگەرییان لەسەر پێگەی کورد لە کەرتی نەوتدا

گومانی تێدانیە لە هەموو قۆناغەکانی مێژووی نوێی عێراقدا نەوت بربرەی پشتی ئابووری عێراق بووەو زیاتر ٩٠٪ی بودجەکەی پێکهێناوە ئەمە جگە لە بەرژەوەندی ئابووری چەندین وڵاتی ئیقلیمی و زلهێز تیایدا ،هەر بۆیە هەر گورز لێدانێکی بە زیان بۆ سەر ئابووری عێراق دەشکێتەوە . لەم ڕوانگەیەوە نەوت هێڵی سوور بووەو لەکەس قبوڵ نەکراوە بیبەزێنێت .

گەلی کوردیش لە سەدەی بیستەمدا لە ژێر ناوی جیاجیادا ژمارەیەك بزوتنەوەی چەکداری بەرپاکردووەو لێرەدا نامەوێت خۆم لە قەرەی ئەو زیانانە بدەم کە لە سایەیانەوە بەر مێژووی گەلەکەمان کەوتووە بەڵکو تەنها تیشك دەخەمە سەر کاریگەرییە خراپەکانی لەسەر پێگەی کورد لە کەرتی نەوتدا کە تا ئێستاش پێوەی دەناڵێنین .

لە رابردوودا بەلای کوردو بزوتنەوەکەیەوە نەوت چەکی دەستی دوژمنەکەیەتی و لە سایەیەوە کوردی پێدەچەوسێنێتەوە بۆیە هەردەم لەو خەیاڵەدا بووە ئەوچەکە لە شانیان داماڵێت ئەوەش لە رێگەی پەلامار وزیان پێگەیاندنی بێ ئەوەی بیر لە دەرهاویشتە خراپەکانی ئەو کارە بکاتەوە کە چەند قات زیانیش بە کورد ئەگەیەنێت و ئاو ئەکات بە ئاشی دوژمندا .

لە ساڵی ١٩٥٨ پێش هەڵگیرسانی شۆرشی ئەیلولی ١٩٦١ ژمارەی کارمەندی کورد لە کەرتی نەوتدا چەند قات لە نەتەوەکانی تر زیاتر بوو (( جگە لە مەسیحی)) ، بەڵام لەگەڵ دەستپێکردنی شەر ئەم ژمارەیە رۆژ لە دوای رۆژ کەمی کرد تا وای لێهات لە کاتی پرۆسەی ئازادی ٢٠٠٣ ژمارەی کورد ١٪ بوو .

کورد لەماوەی بزوتنەوە چەکدارییەکانیدا سێجار هێرشی کردووەتە سەر دامەزراوە نەوتیەکان بێئەوەی تۆزقاڵێك کاریگەری بۆ سەر لایەنی بەرامبەر هەبو بێت بەڵکو بووە باشترین بیانوو تا کورد لەم کەرتەدا پاکتاوبکات :-

١- لەشەوی ١٠-١١/١٠/ ١٩٦٢ هێزێکی پێکهاتوو لە ٢٥٠ پیشمەرگە پەلاماری نەوتی ((عەین زالە )) یان دا و بەتەواوی کۆنترۆڵیان کرد هەرچی کەرەسەو

کەل وپەلی کێڵگەکە هەبوو بردیان لەگەڵ بەدیل گرتنی ژمارەیەك کرێکارو ئەندازیار کە یەکێکیان ئینگلیز بوو .
ئەم هەنگاوە خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە زیهنیەتی رژێمی دەسەڵاتداردا و هێڵێکی سووریان بە ژێر ناوی کورددا هێنا و گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە ناکرێت کورد لە نزیك دامەزراوە نەوتیەکاندا نیشتەجێ بێت و پێویستە رابگوێزرێن ، ئەوە بوو لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣گوندکانی سەر هێڵی کەرکوك –دوبز ((قوتان . عەمشە . قەرەدەرە ..........هتد )) کە لە ناو جەرگەی بیرە نەوتەکان بوون لە شوێن خۆیان هەڵکەنران و تەرحیل کران .
بە هەڵگیرسانی شۆرشیش سەدان کارمەندی کورد کۆمپانیایان بەجێهێشت و بوون بە پێشمەرگە لەوانە شاعیر خالید دلێر .
٢-لەساڵی ١٩٦٩جارێکی تر هێزی پێشمەرگە پەلاماری نەوتی کەرکوکیان داو هەندێك زیانی مادییان پێگەیاند . بێگومان کورد جارێکی تر بەم هەنگاوەی دووپاتی کردەوە بۆ حکومەتی عێراق کە دژی دامەزراوەی نەوتیەو بۆی بکرێت پەکی دەخات ، ئەو هێڵە سوورەش کە بە ژێر ناوی کورددا هێنرابوو تۆخ کرایەوە ، بەڵام تا ئەو ساتەش حکومەتی عێراق نەی ئەتوانی هیچ رێوشوێنێکی ئیداری دژ بە فەرمانبەرانی کوردی ناو کۆمپانیاکە بگرێتە بەر چونکە ئینگلیزەکان دەسەڵاتدار بوون .
لە ١ ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٢ حکومەتی عێراق نەوتی کەرکوکی خۆماڵی کردو ئینگلیزەکانی لە وڵات دەرکرد ، حوکمی ڕەهای بەسەر هەموو دامودەزگا نەوتیەکان سەپاند .
لە شوباتی ساڵی ١٩٧٤ کە تەنها یەك مانگ مابوو بۆ کۆتایی هاتنی هودنەکەی نێوان سەرکردایەتی کوردو بەغدا فەرمانی گواستنەوەی کارمەندانی کورد لە تەواوی دامودەزگا نەوتیەکان دەرکرا چونکە حکومەتی عێراق دڵنیا بوو لەوەی سەرکردایەتی کورد بە دەست لە پشت دانی وڵاتانی ئیقلیم و هەندێ وڵاتی زلهێز ئامادەنیە لەگەڵیدا رێك بکەوێت هەر بۆیە ئەم هەلەی قۆستەوەو پاکتاوی کارمەندانی کوردی کرد لە تەواوی کەرتی نەوتدا و گواستیانیەوە بۆ فەرمانگەکانی سلێمانی و هەولێرو دهۆك ، شان بەشانی ئەمەش بە بڕیارێکی نهێنی دامەزراندنی کوردی لە سنوری کەرکوك و موسڵ قەدەغە کرد .

٣- له ساڵی ١٩٨٦ له گەرمەی شەری عێراق ئێراندا هێزی پێشمەرگە بە هاوکاری پاسداری ئێران له سنوری گوندەکانی ناوچەی ساڵەییەوە پەلاماری کێڵگەی نەوتی کەرکوکیان داو ژمارەیەك گولله تۆپیان ئاراسته کرد که بۆ ئەو هێزە زەبەلاحەی ئەوسای بەعس وەك گیزەی مێشێك بوو هیچ کاریگەرییەکی نەسەر ڕەوتی رووداوەکان نەبوو . حکومەتی بەعسیش دەست بەجێ بڕیاری تەرحیل کردنی تەواوی گوندەکانی دەڤەری ساڵەیی ((کەڵور ، بیبانی ، نەبیاوە ڕۆژبەیانی ٠٠٠٠٠هتد )) دەرکرد .

ئەم هەنگاوەی کورد بەلای بەعسەوە زۆر مەترسیدار بوو هەر بۆیە جارێکی تر رژێمی بەعسی سوور کرد لەسەر ئەوەی نابێت کورد له هیچ دامەزراوەیەکی نەوتیدا بێت ، هەندێ ڕێنماییش له خودی سەدام حوسێنەوە دەرچوو که بەرێوبەری گشتی کۆمپانیای نەوتی سەرپشك کردبوو له دەرکردنی هەر کارمەندێکی غەیرە عەرەب ئەگەر له ڕووی ئەمنیەوە جێگەی مەترسی بێت .

بەم جۆرە تای تەرازووەکە وەها لاسەنگ بوو له رۆژی رووخانی بەعسدا له کۆی ١٠ هەزار کارمەند تەنها ٩٦ کورد مابوون که١٪ی تێنەدەپەراند .

ئێستاش کورد دوای ئەم هەموو دەسەڵاتەی له بەغدا هەیەتی نەیتوانیوە هاوسەنگی بگێرێتەوە چ له رووی ژمارەوە و چ لەرووی پۆستەکانەوە ، ئێستا ڕێژەی کورد ١٢٪ تێپەر ناکات پۆستەکانیش ئەوە هەر باس ناکرێت ، هەر بۆیە کاتێك باسی بارودۆخی خۆمان دەکەین له کەرتی نەوت با هەندێ گلەییش له خۆمان بکەین پێشینان ووتەنیش درۆیەکیش بۆ دز بکەین .

فەرهاد حەمزە محەمەد

کۆمپانیای نەوتی باکوور